کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

6-6-2007 15:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرلێدانی پۆ ستخانە... نوسینی: ئەلیزابێت بۆتن دۆتریو نیم .. وەرگێرانی لەتورکیەوە: شەیدا بلْباس

به شی یه که م

دۆستێکی زۆر خۆشه ویستم هه یه به ناوی "رۆز" له شاری "بۆستن" دا ده ژی و، هیچ کاتێک ڕۆژی له دایکبوونم له یاد ناکات، هه ر چۆنێک بێت، گرنگ نیه بۆ ئه و که له هه رکونجێکی ئه م جیهانه سه رگه ردانه دا بم٠ به ڵکو هه موو ساڵێک له و ساته دا، قوتوێکی پۆست به بۆنه ی یاداوه ری دڵسۆزانه ی به ده ستم ده گات٠



ڕۆژی جه ژنی له دایکبوونم له "مۆنتری" بووم، که نامه یکم له پۆسته خانه وه به ده ست گه یشت٠٠ تێیدا نوسرابوو که وا قوتوێکی به ستراوم بۆ هاتۆته پۆسته خانه که٠ هه ر زوو که وته بیرم که "رۆز" بۆی ناردبێتم٠ ئه وه بوو به دڵێکی خۆشه وه که وتمه ڕێی گۆڕه پانی " ئیندیپێندسیا " ؛ واته ئه و شوێنه ی که پۆسته خا نه که ی گرتۆته خۆی، له سه ر لای به زاییه کدا له شاره که ی ده ڕوانی٠

له پۆسته خانه که یه کسه ر به ره و به شێک ڕۆشتم وئه و پسووله یه ی که بۆیان ناردبووم بۆ وه رگرتنی دیارییه که، پێم نیشاندان٠

لێپرسراوی به شه که ووتی: " به ڵگه نامه ی پێناسه تان؟"٠

به ڵگه نامه ی پێناسه م هه ڵنه گرتبوو، جا بۆیه پاشه کشێم لێکردو گه ڕامه وه ماڵه وه٠

له کاتی نانی نیوه ڕۆدا پسووله ی پۆسته خانه که م به "لویس" ی مێردم نیشاندا٠ لویس پسووله که ی زۆر به ووردی خوێنده وه و ئاوڕێکی لێدامه وه و ووتی:

- " په له مه که باپێکه وه بڕۆین٠ ده مه وێت بزانم چیان بۆت ناردووه!؟"٠

به ڵام ڕۆژی دوایی لویس بابه ته که ی به ته واوی بیرچۆوه و، منیش له به ر ئه وه ی ئیشێکی دیکه م نه بوو، به چاکم زانی که مۆڵه تنامه ی لێخوڕینم هه ڵگرم و بچمه وه پۆسته خانه که، تاکو دیارییه که وه رگرم٠

کاتێک گه یشمه پۆسته خانه که، دووباره بۆ هه مان به شی پێشوو چووم، یه کسه ر مۆڵه تنامه ی لێخوڕینم پێنیشاندان٠

لێپرسراوی به شه که به گرژومۆنیه وه گووتی: " مۆڵه تنامه که تان بیانییه و ناتوانین له جێی پێناسه وه رییبگرین!"

دووباره له سه رنانخواردنی چێشتی نیوه ڕۆ، ناچاربووم که به لویس بڵێم، که چوومه ته پۆسته خانه که و ئه وانیش وایان پێ گووتووم٠ لویس بیرێکی کرده وه و ڕووی تێکردم:

- " باشه به ڕاست٠٠ خۆتۆ هیچ پێناسه یکت نییه٠٠! مه به ستم پێناسه ی مه کیسکییه٠

جاله به ر ئه وه ده بێت دووباره خۆمان ئاماده بکه ن بۆ نوێکردنه وه ی په یماننامه ی ژنومێردێتیمان٠"

به تووره ییه وه گووتم: " ئه ی خوایه ئه و هه موو ده ردە سه ریه، ته نها بۆ شتێکی بچوک، که له وانه یه هه ر کولله به ندێک بێت و به س!! "٠

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

که چی لویس له پرێکدا گووتی: " به س بیرتنه چێت که ئێستا ئێمه به ئاڵۆزترین بارودۆخی ناله باری سیسته می مه کسیکیه وه به روه ڕووین! " ٠ لێره خه ڵک هه ر کاتێ بچنه ده ره وه پێناسه ڵه گه ڵ خۆیان هه ڵده گرن، تاکو گه ر له ناکاو توشی ڕوداوێک بن، هه رهیچ نه بێ خزمه کانیان لاشه ی مردوویان په یدا بکه ن٠٠ چونکه٠٠٠ "
گووتم: " به م شێوه یه ش نییه، که تۆ باسی ده که ی! " وه لویس وه ڵامی دامه وه: " به ڵێ، بیستوومه له مه ڵبه ندی چینی بارودۆخ گه ڵێک له وه ش خراپتر بێت!"٠
ئه مجاره یان به پێناسه ی لویس ولێگیراوی په یماننامه ی هاوسه رێتیمان، چوینه وه پۆسته خانه که٠
هه مدیسان فه رمانبه ری پۆسته خانه که گووتی: " ئه م په یماننامه بیانییه٠٠ له به ر ئه وه به پێی یاسا دروست نییه٠ جا پێویسته په یماننامه یێکی نوێ دروست بکه ن؛ که له و سه رده مه و په یوه ندی به سیسته می نوێی ئه م وولاته وه هه بێت"٠
ئه وه یان پێش ئه و کاته بوو، که من و لویس بچین بۆ ڕاگیرکردنی په یوه ندی خێزانداریمان٠ چۆن تا ئه و ساته وای بۆ نه ده چووم، که ئه م بابه ته ئه وه نده گرنگ بێت٠
لویس دانشتبوو له سه ر کورسیه که، زۆر به ووردی بیری لێده کرده وه، ئینجا گووتی: " چاکترین شت ئه وه یه که بچین مۆڵه تنامه یێکی مه کسیکیت بۆ ده ربهێنم٠ به وه ئیتر کاره که مان ته واو ده بێت"٠
ئه وه بوو به جووته چوینه کۆشک و سه رای میری وبۆ تێڕوانینی پزیشکی به یانی کاتمان وه رگرت٠ له دوای هه مه جۆره تاقیکردنه وه کان، له لێخورینیشدا ده رچووم٠
له دوا ی هه فته یێک، مۆڵه تنامه که م به وێنه و مۆر وواژوو پولی تایبه تی پاره دان و ئه م و ئه وی تر٠٠ ده ستکه وت و هه ڵگرت٠ دووباره گه ڕامه وه پێش کاکی فه رمانبه ر٠
وه رگری به شی پۆسته خانه که به شێوه یێکی غه مگین لێیوه رگرتم، ئیتر له وه دڵنیا بووکه من " ئه لیزابێت بۆرتن دوتریونیۆم" م، به ڕووکه شی مافی ئه وه م هه یه که ئه و قوتوه ی به و ناوه هاتووه، وه ریبگرم٠ به خۆم ووت باهه رچۆنێک بێت، هه نگاوێکیتری لێبچمه پێشه وه٠ چونکه زۆر به ساده و ساکاروئاساییم هاته به رچاو٠ واته هێشتا بڕیار نه درا بوو قوتوه که م پێبده ن٠
ژماره یێکیان پێدام و ڕه وانه ی به شێکیتریان کردم٠ کاتێک نۆره م گه یشت، وه رگری به شه که زۆربه ووردیه وه ئه ولاو ئه م لای به ژماره که کرد و پرسی: " کێ ئه م قوتوه ی بۆتان ناردووه؟"٠ گووتم: " چۆن، چۆن!! ئه و پسوله ی که بۆتان ناردووم، نوسراوه که له بۆستنه وه هه نێردراوه٠ جا هه ربۆیه مه زنده ده که م له ڕۆژی دۆستمه وه بێ٠٠٠ فه رمانبه ره که کاغه زه کانی ده رکردو تێیڕوانی٠ پاشان به شێوه یێکه وه له ژێرچاویلکه که یه وه سه یرێکی کردم و گووتی: "ڕۆژ، ٠٠ نه خێر له و نییه٠٠ نا"٠
گووتم: " باشه چوزانم٠ دۆستێکی زۆرم هه یه٠٠٠زۆربه یان دیارییم بۆ ده نێرن٠٠ "
گووتی: " باشه قوتوه که چی تێدایه؟!"٠
ده ماری گرتم و قیژاندم " له کوێ بزانم! مه گه ر ئه وان بۆمنیان نه ناردووه!؟ خۆ تۆ نه تهێشت لێشی نزیک بکه ومه وه! ئه ی چۆن بزانم چی تێدایه! له هه مان کاتی که فه رمانبه ره که چاوی له چاوم نابوو، هه ر وه کو له قیژه که م تووره بوو بێت٠٠ تاکو ئه و کاته ش نه مده زانی که تووره بوون له هه ردامو ده زگایێکی مه کسیکی، به واتای گه ڕانه وه بۆ دواوه یه٠

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.